# پێشەکی

گەلێ جار مرۆی لاوەکی لەسەر شکڵی ڕێبوار، ڕاسپاردە، توێژەرەوە، دینپەروەر، کارناس و هەواڵنێر هاتوونە کوردستان. گەڕاون، وردبوونەوە، بارودۆخیان هەڵسەنگاندووە و چی پێویست بێ کردوویانە. خەڵکیان بۆ ڕاپەڕین یا خۆ دووبەرەکایەتی هان داوە؛ هەزاران داویان ناوەتەوە و خڕ کردۆتەوە. بە شادی بەرەو ماڵ بوونەوە یان سەریان بە فەتەڕات چووە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەر ئەم کەسانە توانیویانە زانیاری یەکجار ورد و بەپێز کۆ بکەنەوە. پاشان هەر هێندەی کرابێ و سنووری بەرژەوەندی خۆیانی نەبەزاندبێ، بۆ ئێمەشیان گێڕاوەتەوە. ئێمەش زۆر چەلان بە تووڕەیی لە ماڵی خۆمان و لێر و لەوێ بە دەمیاندا چووینەوە و ئەوەی شایانیان نەبووە پێمانگوتوون. هەندێ جاریش بە ڕووی خۆشەوە پێشوازیمان لێکردوون و هەزاران دوعای بەخێرمان بۆ ناردوون و دانمان بە هەق داهێناوە، جا با تاڵیش بووبێ ...

جاناتان ڕەندڵ، هەواڵنێری چاوکراوەی ئەمریکایی و نووسەری ئەم کتێبە، یەکێ لەم کەسانەیە کە شایانی ڕێزگرتن و بە پیرەوە چوونە. وتەکانی ڕەندڵ هەڵدەگرێ شیکردنەوە و لێکدانەوەیان لەسەر بکرێ و کامەیان ڕاست و هەقن ئۆباڵیان بۆ بکێشرێ و کێهەیان وانەبوون بە بەڵگەوە بەرەو پاش سەرەوخوار کرێنەوە. ئازایەتی و دەقودۆغربێژی ئەم ئینسانە لە بابەت درکاندن و لە قاودانی دەوری دزێو و نامرۆڤانەی تەواوی غەوارانی دوور و نیزیك و دوژمنانی گەل و نیشتمان و لێنەزانین و خەیانەتی تاقمێ لە ڕێبەران و سەرکردەکانی کورد جێی سەرنج و خوردبوونەوەیە. بەڵێ ڕاستە بەشێك لە زانیارییەکانی لە زمان دوژمن و خەنیمانی یەکترەوە وەرگرتوون، بەڵام ڕوونە کە زۆربەیان ڕاستن و خۆمان هەستمان پێکردوون و بە چاو دیتوومانن. کەچی زۆر بەداخەوە بێتوو ئەم وتانە لە زمان ڕووناکبیر و خاوەن شعوورێکی نیشتمان بێنەدەر، ئالای بۆ هەڵدەگرن و تەنەکەی لە دوو دەکوتن و تەرەکەمەی دەکەن.

بەحەقیقەت ڕەنگە کەسی وا نەبێ کە لە ژیانیدا کردەی وا نابەجێی لێڕوونەدابێ کە لێی پەشیمان نەبووبێتەوە، بەتایبەت لە نێو بەرەی سەرجەلە و سەرۆك و ڕێبەراندا. جا ئەوەی وێراویەتی و پێی لە هەڵەی خۆی ناوە، هەم ئۆخژنی خستۆتە دەروونی خۆی و هەم تۆزێك ئاوپڕیشکێنی دڵی خەڵکی کردووە و تیشکی خستۆتە سەر هەتڵەڕێیان، بەڵام ئەوەی نەوێراوە و فیز و دەماری لێینەگەڕاوە بیدرکێنێ، لەسەر دڵی

خۆی و جەماوەر بۆتە ناسۆر و پەردەی بە سەر چەوتییەکاندا کێشاوە. هەر بۆیە پێداچوونەوە و پشکنین و لێکدانەوەی مێژوو دەتوانێ زۆربەی کونوکەلەبەرە تاریك و ونەکان وەدرەبخاو خواروژوور پەندیان لێوەربگیرێ و هێندێك لە گرێکان بڕەون. هیوادارم ئادەمیزادی کورد ئەوەندەی ئازایەتی هەبێ کە بە ڕەخنەی ڕوون و بە ڕێوجێ دەرهەڵنەبێ، بەڵکوو بە مەبەستی ڕاست کردنەوەی هەڵەکانی بە خۆیدا بێتەوە. هەڵبەت مرۆڤ هەتا گەورەتر و بەکردەوەتر بێ، لە تلاسابوون و هەڵەی زلتر نیزیکترە و لێرەدا پای سەرۆك و سەرکردەکانمان دێتە گۆڕێ؛ ئەو کەسانەی بە هەق یا بە ناهەق، لە ڕووی ساکاری و کاڵی و نەکوڵیوی کۆمەڵ یان بە گوێرەی چەشنێك لێکدانەوەوە جڵەوداران؛ بۆیە دەبێ ئەوان سینگیان لە هەموان فرەوانتر بێ و خەڵك هان بدەن بۆ ڕاست و ڕەوابێژی ...

پێمخۆش بوو لە کوردستانێکی سەربەخۆدا لە دایك بووبام، کوردستانێك کە نموونەی ئازادی و دێموکراسی بوایە. کارم بە سیاسەتمەداران نەداوە دەڵێن چی، کەیفی خۆیانە، بەڵام هەتا ئەو ڕۆژەی سێبەردەکەم بە سەر ڕایەڵ دەکەن چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم ...

لە ئاخریدا با ئەوەتان وەبیر بێنمەوە کە ناوی ئەم کتێبە بە پێی نووسینی ڕەندڵ دەبوو "پاش ئەم هەمووە زانیارییە لێبووردنی چی؟" بوایە، بەڵام بەڕێز دوکتۆر "برایم یۆنسی" کە کردوویەتە فارسی و منیش لە فارسیڕا کردوومەتە کوردی، ئاوای لێ بەسەر دەهات: "بەم هەمووە ئابرووتکانەوە لێبووردنی چی؟"، بەڵام هیچیانم بە دڵ نەبوو، بۆیە ناوم نا: "بەم هەمووە تاوانەوە لێبووردنی چی؟". بەڕاستی زۆر خۆم بە ئەمەگداری ڕێزدار کاك "ئەحمەد مەولانی" دەزانم کە بە وردی پێیداهاتەوە و هەڵە و پەڵەی بۆ هەڵگرتمەوە و ڕاستەوپاستەی کرد.

سەلاحەددین ئاشتی – مەهاباد ٨١/١٠/١٧
2003/1/7